# پایز

پەسار فایق
Pasar_pna@yahoo.com



(پایزی سێ ساڵ لەمەو بەر)

بەردەوام بەخەیاڵ و حەزە شێتەکانم
دنیاییەك
پڕ لە کچێکی
لەدایك نەبووم دەخولقاند
کچێك
هەموو شەوێ
لەگەڵ پایز
باڵاو
روخسارو
روحیمان دەخولقاند،
دواتریش هەر من و
هاوڕێی پایزم
ئەو کچەمان دەکردەوە
ئەو شتانەی کە تەنها خەیاڵ بوون.
ئەوەی ئێمە دەمانکرد
یارییەك بوو
رێك وەك دوو منداڵی تامەزرۆ
دەمانووسیت هەموو جوانییەکان
بخەینە ناو یارییەکەمانەوە.

(پایزی پار ساڵ)

من و پایز
لە خولقاندنی
کچێك بەردەوام بووین
کە بەنیاز بوو
لەگەڵ ئەو بێت و
بە بەردەم لێواری
حەزو بینینمەوە رەت بێت.

**من چاوەکانیم سەوز دەکرد**
**پایزیش زەردی دەکرد**
**من شینم دەکرد**
**ئەویش زەردی دەکرد**
**من رەشم دەکرد**
**ئەویش رەشی دەکرد.**
**من باڵای هێلە ئاوییەکانی**
**نێوان ئاسمان و زەویم پێدەدا**
**ئەویش باڵای ساردی رۆژانی خۆی**
**باڵای سنۆبەرێکی یاخیم پێدەدا**
**باڵای درەختە رەنگ زەردە**
**ملکەچبووەکانی خۆی پێدەدا**
**باڵای مرۆڤێکم پێدەدا**
**ئەویش هەروا،**
**دوای شەڕێکی درێژو جوان**
**من و ئەو رێکەوتین**
**ئەم کچە بۆ من بێ**
**کچێك**
**کە جوانترین نەوەی پایزە.**

## ( پایزی ئەمساڵ )

**من و پایز جار جارە**
**شەڕمان بوو**
**ئەوهەموو کاتێك**
**زۆر بە خێرایی**
**ماڵئاوایی دەکردو**
**کچێك نەدەهات**
**ناوی پایز بێت**
**هەناسە بێت**
**هەمیشە بێت**
**کۆتایی هەموو جوانییەکان بێت،**
**لەسەر نەهاتنی**
**کچی حەزەکانم،**

زۆر جار بێ حورمەتیم بەرامبەر
بە پایز دەکرد
بەرامبەر بە جوانترین هاوڕێم دەکرد
دواجار واریکەوت
بەبێدەنگی لێکدوربکەوینەوەش.
لەساردترین ڕۆژی پایز
کە جوانترین گەڵای درەختەکان کوژرابوون و
گشت درەختەکان رووت ببوون
منیش بەبێ ئومێدی چاوەڕێی
هاتنی پایزی ساڵێکی دیکە بووم،
ئێوارەیەك بوو
رەنگی ئاسمان
بەقەد رەنگی گەڵایەکی
پایزی جوان بوو.
بەڵام ئەمجارەیان
پایز بەر لەوەی
ماڵئاوایی بکات
خۆی و جوانترین
پایزی لەگەڵ خۆی هێنا،
من و پایز
هەر هاوڕێ
لەگەڵ رۆیشتنی پایزی ئەمساڵ
لەهەر چوار وەرز
پایزێکی دیکەم لەگەڵە
ئەمجارەیان تەنیا نیم.

( پایزی ساڵی داهاتوو )
کە پایز هاتەوە
بڕیارمداوە پێی بڵێم:
"بەهەموو گەورەیی خۆت
جوانترین مەملەکەت بۆ من و پایزەکەم
دروست بکە
بە کورتی

بە گەڵاکانت بمان پۆشە
لە هاوارو گریانی ئاسمان بمان پارێزە
درەختەکانت
با پاسەوانمان بن".
ئەو کچە پایزیەی من و پایز
خولقاندمان
لە پایزێکی ئەبەدی دەژین
ئەو دەبێ هی من بێ
منیش هی ئەو
پایزیش هاوڕێی هەردووکمان،
ئێمەش هاوڕێی نەمری پایز.
سڵاو پایز
جوانترین ماچەکانی
من و ئەوت پێشکەش.